## گولله بارانکردنی خەلکی کورد پەسەند کردنی دەستورێکی شڕوشەقە!! ... خاڵە حەمە

ئەمە یەکەم جارنییە کە دەنگی خەلکی کپ دەکرێت و بە کلاشینکۆف وەرام ئەدرێتەوە، هەروەها دواجارییش نابێت کەگەردن کلۆفتانی کورد خۆیان بۆ ئامادە کردوە!!. . بەبەرچاو هەمووماناەوە وەک شمڵی شەڕ کۆنەبەعسییەک یاخود زۆڵە کوردێک لەسەر کورسییەک قوت بۆتەوەو لەو خەڵکە قارەمانە دەخوڕێت کە بە درێژایی مێژوویی شۆڕشی کورد خەباتیان کردوەو هەرگیز سەریان بۆ ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق دانەنەواندوەو ملخوار نەبوون

بەبەرچاوی هەمووماناەوە هەمووشارەکانی باشوری کوردستانیان شەقار شەقار کرد بەسەر هەرچی ئەشێ و هەرچی ناشێ ی خۆیانداو بکوژانی پێشمەرگەشیان کردوە بەسەنگەری خۆیان و لەکاتی پێویستدا وەک سەگی خوێڕی لەمیللەتیان بەرئەدەن. .

ئەمە یەکەم جارنییە کەپێ لەدەنگی کوردو لەڕەنگی کوردو لەسەنگی کورد ئەنرێت، بەڕای من ئەم کوڕەئازایانە هێندەی میللەتیان تۆقاندوە چارەکی ئەوە دوژمنان سەنگیان بۆ دانانێ و شکیان نییە کە هێزێکی خۆیانن، بەڵگەش نوسینەوەی دەستورە کە هەموو خواستەکانی کوردی تیا نییە، بەڵام کێ لەناو کوردا خۆی گێل دەکات و سەرکز لە ڕویی ڕوداوەکاندا ڕائەوستێ لەو بەشەڕەشە بەولاوە هیچی تری بۆ نەنوسراوە کە پێ بەگەورەیی و ویژدانیا ئەنرێت و سەرەی. . . . . . . . . . . ! دەگاتەسەر. .

ئەمە یەکەم جارنییە کە کورد شۆڕش بکات و لەسەر شەقامی شارەکانی خۆی قوربانی بدات دواجاریش نییە کە هەلپەرستانی کورد دەست لە نەوەکانی خۆیان بوەشێنن لە ترسی کورسیەکانیان سەر شۆڕ بکەن بۆ دەسەڵات لە ئاوی لێڵدا مەلە بکەن. .

بەسەر چوو کات و ساتی تیرۆرو تیرۆرستان. . بەسەر چوو زەبروزەنگی مەچەک ئەستورو کوڕەئازاکان. . بەسەر چوو پۆز لیدان فووکردنەخۆ. . بەسەرچوو درۆ. . بەسەرچوو درۆ. . . .
.

بەرپرسیاری هەموو تاوانێکیش دەسەڵاتی ئەمرۆکەیە کە ئەیانەوێ دەنگی کورد کپکەن و وەک ڕابوردوی خوێناویان گوێ بۆ داواکاریەکان ڕانەگرن. .

دواجار هێزی لەبن نەهاتووی کورد تورە بووەو داوای بەروبومی چل و چوار ساڵ خەبات و دەردیسەری و ماڵ وێرانی دەکات. . کێ داواکانیان دەپرسێ خۆی لە خرکە بەردو نەفرەتی کورد دەپارێزێ. . . . کێش دادیان ناپرسێ مۆری شەڕێکی براکوژی و کوردکوژیتر بە ڕویی خۆیا ئەنێ. .

خاڵەحەمە/دانمارک/2005/9/9